سەماحەتی حەکیم.. سەقامگیری ئەستا ئەنجامی قوربانییەکان و خوێنی عێراقییەکانە پاراستنی لە ئەستۆی هەمووانە

لە ڕۆژی پێنجشەممە بەرواری 7-7-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز دکتۆر عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆککۆماری عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە دۆخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و ڕەوشی عێراق لە نزیککردنەوەی بەچوونی نێیارەکانی ناوچەکە کرد بەشێوەیەك کە خزمەتی دۆخی ناوچەکە بکات و بەرژەوەندی گەلەکانی بهێنێتە دی و جگە لەوەش باس لە گەڕانکارییەکانی کەش و هەوا و کەم ئاوی و ڕەگا چارەی تیپەڕکردنی ئەو کێشانە کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە سەقامگیری ئەستا ئەنجامی وقوربانییەکان و ئەو خوێنەیە کە عیراقییەکان لە هەموو پێکهاتەکان پێشکێشیان کرد، ڕوونیشی کردەوە کە پاراستنی سەقامگیری و هەوەدان بە ئەوەی قەناغی داهاتوو ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و بەردەوام ئەرکی هەمووان دەبێت.

هەروەها سەماحەتی حەکیم و بەڕێز سەرۆك دووپاتیان کردەوە کە عێراق زۆر لە ئاستەنگەکانی تێپەڕ کردوە لەوانە شەڕی عێراق لەسەر ئاستی ناوچەکە و نەودەوەتیدا، ئەستا جیهان بە ڕەز و ستایشێکی زۆر سەیری عێراق دەکەن، ئەوەش وا دەکات کە وەبەهێنرانی زۆر و پارەی زۆر بێتە عێراق.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە ڕکابەری داهاتوو ڕکابەرییەکی ئابووریە کاتێك وێات لە تاکە سەرچاوەی داهات ڕوو دەکاتە فرە سەرچاوە و بەرهەمهێن لەڕێگای ئەکتیف کردنی کەرتەکانی بەرهەم هێنان وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلەژیا.